چاڤی بۆیاریدا لە بڕشتلێنە بەنێتەوە

چاڤی لە بۆیاری ڕێیشتن پێشیمان بووەوە و بۆیاریدا لە ڕاهێنرایەتی بڕشتلێنە بردەوام بێت.

چاڤی هەرناندێزی ڕاهێنەری یانەی بڕشتلێنە شەوی ڕابردوو کەبونەوەی یەکلاکەرەوەی لەسەر داهاتووی لەگەڵ خوان لاپەرتای سەرۆک و دیکەی بەڕێوەبەری وەرزشی یانەکەی ئەنجامدا.

دوای کەبونەوەکە فابریزیە ڕەمانەی شارەزا لە بازاڕی گواستنەوەی یاریزانان ئاشکرایکرد، چاڤی لە بۆیاری جەهێشتنی بڕشتلێنە پێشیمانبووەتەوە و بۆیاری مانەوەی داوە لە ئەرکی ڕاهێنرایەتی یانەکەی.

لەلایەکی ترەوە، ڕۆژنامەی موندە دیپەرتیڤە بڵاویکردەوە، چاڤی لەکاتی کەبونەوەی لەگەڵ لاپەرتا بە مەرجەکانی یانەکەی ڕازیبووە و ئەوانیش پشتگیری خۆیان بە دوپاتکردووەتەوە، لەبەرئەوە تا کاتی کۆتاییهاتنی گرێبەستەکەی کە هاوینی ساڵی 2025ە لە ئەرکەکەی دەمێنێتەوە.

چاڤی لە ساڵی 2021ەوە ڕاهێنرایەتی بڕشتلێنەی وەرگرتووە و خاوەنی 85 بردنەوە و 23 یەکسانبوون و 28 شکستە لە 136 یاریدا، دوو نازناویشی لەگەڵدا بەدەستهێناوە.